# ویران

رۆژنامەیەکی دەمدەمییە لەپێناو ویرانکردنی کۆن و ویرانی تازەگەری
مالی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر بلاوی دەکاتەوە
ژمارە (٦)، مارسی ٢٠٠٣

## من تەنانەت ئامەوێ ئەوەش بزانم ئاخۆ پێش من کەسی دیکە هەبووە یان نا ! «دیکارت»



خاوەنی ئیمتیاز: رزگار عەبدوللا
سەرنووسەر: د. فەرهاد پیربال
بەڕێوەبەری نووسین: ئەرزە جاف
دەرهێنانی هونەری:
ئاراس ئەکرەم و د. فەرهاد

تەلەفۆن: ٢٢٦٠٧٥٦
پۆستی ئەلکترۆنی:
ferhadp@yahoo.com
سایت:
http://sherefxan.members.easyspace.com

**Weran, Revue Kurde de Modernite,**
**Publiee par Centre Culturel**
**Franco-Kurde MSB a Arbil**

### سەر - وتار

ئەمریکا- کە پێش هەموو شتێک بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێ- ئەمرۆ دەیەوێ وزەی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق بەکاربهێنێ بۆ لەناوبردنی رژێمی دکتاتۆری بەغدا. گەلی کوردیش لەکاتێکدا دەیەوێ بزانێت چۆن ئەم ئامانجەی ئەمریکا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، کەوتۆتە مەترسییەکانی ئەوەی ئاخۆ چۆن بتوانێت دەستی داگیرکارانەی تورکیا لە خۆی دووربخاتەوە؟!

ئەوەتا تەپلی جەنگ وا لێدرا ! ویرانییەکی دیکە ڕوو لە کوردستان دەکات. ئێمەی گەنجی داهێن، قوتابی، خوێندکار، هونەرمەند، ئێمەی نووسەرانی نوێخواز چی بکەین؟! چۆن دەتوانین ستراتیژێکی کولتووریی ئەوتۆ دابڕێژین کە لە خزمەت داهاتووی نوێکردنەوەی ئەدەبی - هونەریی نەتەوەکەماندا بێت؟!

ئێمەی نەسلی دووای ڕاپەڕین، نەسلێکین کە بە ئازادی و دیموکراسیی ئەو ١٢ ساڵە ڕاهاتووین و هەرگیز نامانەوێ بچینەوە ژێر نێڵی بەعس و ژێردەستانە بژین، بە هەمان شێوە دڵنیاشین لەوەی کە ڕژێمی تورکیا تانوپۆی ئەو ئازادی و دیموکراسی و دڵبلندییە نەتەوەییەمان تەفروتوونا دەکات.

کەواتە، «ویران» ئەمرۆ، بەرپرسیارییەکی سیاسی - نەتەوەیی هاوبەشە؛ ویران: یەکبوونێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیی سەرتاسەرە، بە هیوای دارشتنەوەی سیستەمێکی سیاسیی نوێ کە لە سایەیدا بحەسێینەوە و دەست بکەینەوە نیگاراندنی ڕووبەڕە کولتوورییەکان بەشێوەیەکی تازەی کە خۆمان دەمانەوێ..

بلاوکردنەوەی ژمارەی شەشەمی ویران لەم باردۆخە ئالۆز و لەم دوو سێ ڕۆژەی پێش دەسپێکردنی جەنگدا، نیشانەی دەسپێکردنی سەردەمێکی نوێی کاری کولتوورییە، نیشانەی دەسپێکردنی سەردەمێکی نوێی داهێنان و تازەگەرییە کە نەسلێکی پێگەییوی ئازاد ئەمرۆ تا سەر ئێسقانی باوەڕی پێی هەیە.

### وتاری سەر

من بەجەسارەتەوە گۆشەنیگای خۆم دەردەبڕم؛ چونکە، بیر، پێش هەموو شتێک، گۆشەنیگایەکی شەخسییە و سروشتێکی تاکەکەسیانەی هەیە. ڕای من لەبارەی شتەکان نابێتە پێوەر بۆ شتەکان، تەنیا وەک پێوەرێکی بینینی تایبەتی من بۆ شتەکان حسێبی بۆ دەکرێت. من ئەوەندەم بەسە کە بۆ پێشکەشکردنی مەعریفەیەک، پێشبینیی خۆم وێنا بکەم. هەر لەرێگەی ئەمەشەوە پێشبینییەک - لەبارەی شتەکانەوە نا - بەڵکو لەبارەی خۆم دەردەبڕم. سروشتی ئەو مەسەلانە گرنگ نین کە دەریاندەبڕم، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە من بە چ ڕێگایەک و چۆن دەڕوانمە مەسەلەکان.

مۆنتاین Montagne ١٥٣٣- ١٥٩٢

فەیلەسووفی فەرەنسیی سەردەمی ڕێنسانس

# وێران

بیر و فەلسەفە

وێران نوێنامەیەکی دەمدەمییە، ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر بڵاوی دەکاتەوە. ژمارە (٦)، مارسی ٢٠٠٣


# ڕزگاربوون لە جوغزەکەی ئەولیا چەلەبی



سروود میرخان

## هەر ئەو شەقە بەکارە کە هەڵدێری لە هیچ

مادام نیشتیمان – وەک چارەنووسی ئەو هەموو هەزاران قوتابی و خوێندکارانەی کە ساڵانە کۆلێژی زانکۆکان تەواو دەکەن – لە هەڕەشەدایە؛ مادام مەنتیق و گفتوگۆ و عەقڵ – وەک ئەو هەموو زڕتە ڕۆشنبیرە- هیچیان پێ ناکرێت؛ مادام داهێنان و زیرەکی و بەهرە و تواناکان – وەک ئەو ئافرەتە بێچارانەی لەدوای ڕاپەڕینەوە دەستیان داوەتە کاری خراپ – هیچ حسێبێکیان بۆ ناکرێت؛ مادام هونەر تەنانەت لەلای «هەرە گەورەترین شاعیرەکانیشمان» بۆتە وەسیلەیەک بۆ دابەشکردنی نیشتیمان و حزبڕانی و دوو لەتکردنی مرۆڤی کورد؛ کەواتە خەون، تەنیا (خەون)، تەنیا ئەدەب و هونەری ئازاد ماف و ئازادییەکان بۆ مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە.

هەموو بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارەیەک، لەناو هەموو باخچە و کۆڕ و نادی و دائیرە و کۆلێژ و مەڵبەند و دەزگا و چایخانەیەک – تەنانەت لە ماڵەوەش- پەیکەرتاشەکانمان، شێوەکارەکانمان، شانۆکارەکانمان، سینەماییەکانمان، مۆسیقارەکانمان، نووسەرەکانمان، زاناکانمان، گەنجەکانمان، – کە هیچی ئەوتۆیان لەدەست نەماوە بیکەن؛ دێن گوناح گوناح خەونەکانی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە.

بێبەش لە هەموو خۆشی و ماف و ئازادی و سەفەرێک، هەڵزڕاوی نێوان بەرداشەکان، هەڵپڕووکاوی نێو ڕۆتین و فەرمانەکان؛ مرۆڤی کوردی ئەمڕۆ، تەنیا خەونی بەدەستەوە ماوە: ئەو خەونانەی، وەک مرواری، لە قووڵترین پنتی ناهوشیاری و بێ ئاگاییەکانی خۆیانەوە خەویان لێکەوتووە و خەون دەبینن ! مەرگەسات لەوەدایە کە (تەنانەت هونەرمەند خۆیشی) لەم خەونەی خۆی تێ ناگات؛ هەرگیز نەهاتووە لەم خەونەی خۆی قووڵ بێتەوە و بیرۆێنێت! هەمیشە، تەنیا ئەو واقیعە ڕۆتینە ڕووکەشە دەنووسێتەوە کە بەڕۆژ، تێیدا دەژی. شاعیر: درۆزن درۆزن، لە هەر سەردەمێکدا مەتح و سەنای ئەو ئافرەتە، ئەو حزبە، ئەو پەساپۆرتە، ئەو «گەمەیە» دەکات کە پارە یان شۆرەت یان کورسی یان خەڵاتی زیاتری دەداتێ. ڕووناکبیر: درۆزن درۆزن، هەزار سوێند بە گۆڕی پیرۆزی «خومەینی» دەخوات و دەڵێ: «بەڕاستی جۆرج بووش دیموکراتە». پەیکەرتاش: درۆزن درۆزن، چاوەڕێی ئەوە دەکات ئاخۆ کەی «هەژارێکی دیکە» یان «ئیبراهیم ئەحمەدێکی دیکە» وەفات بکات و پەیکەرێکی لە «چیمەنتۆ» بۆ دروست بکات. چیرۆکنووس: درۆزن درۆزن، دانیشتووە پرچی داپیرەی ڕووداوەکان دەهۆنێتەوە. بە هەمان شێوە، شێوەکار، شانۆکار، سینەمایی، مۆسیقاژەن، ڕۆماننووس... ئەمە لە حاڵەتێکدا، خۆیشی باش دەزانێت: تۆمارکردنی ڕووکەشانەی واقیعە ڕۆتینەکە: تەنیا زوڕنا لێدانە، خولانەوەیە لەناو هەمان بازنەی بۆگەنی بێ مانایییدا؛ شێخ ڕەزا گوتەنی:

شیعرێ کە تۆ بە چاکی دەزانی: شیاکەیە
هەر وەک تسێ کە جەوهەری خۆی دەربخا بە با

کەواتە، دوور لەم ڕووکەشی و نووسینەوەی ڕۆتینیاتە، تەنیا تۆمارکردنی خەون و بەرجەستەکردنی دنیا ناماقووڵە جوانەکانی ناهوشیارییە کە دەتگەیەنێتە کەنارەکانی ئازادی و داهێنان!

## گەوهەر وەرگرتن لە هیچ

مرۆڤی کوردی ئەمڕۆ (بەتایبەتیش هونەرمەند و نووسەر) زۆر بەلایەوە ناجۆر و ناوێزەیە تەنانەت ئەگەر بۆ خۆشت ڕێگەی پیشان بدەیت کە خەونەکانی خۆی بنووسێتەوە و دنیا کەپتکراوە شەخسییە «عەنتیکەکان»ی خۆی بتەقێنێتەوە! لەم کاتانەدا وا هەست دەکات ڕووبەڕووی «لادانێکی ئەخلاقی» یان نزیکی «تاوانێک»ی دەکەیتەوە! دوودڵ، شەرمنۆک: باشە چۆن بچێ بوێرێت کارێک بکات کەس نەیکردبێت؟ باس لە جیهانێک بکات کەس هێشتا پەی پێ نەبردبێ؟ چۆن جورئەت بکات شێوە و فۆرم و کەرەستە و تەکنیکێک دەکاربهێنێت کە لە واقیعدا (لە واقیعی ئەدەب و هونەری ئەمڕۆدا) تا ئێستا بوونی نەبووە و نەدیتراوە؟ ئەدی نابێ پێش ئەو، کەسێکی تر ئەم کارەی کردبێت و لەلای خەڵک پەسەندکرابێت و بووبێتە شتێکی باو؛ ئنجا ئەو بێت کارەکە دووپات بکاتەوە؟!

ئەم حاڵەتی ترسنۆکی و تەوەززەلی و بێ تاقەتی و حازرخۆرییە، بەداخەوە، سیفەتێکی زۆر دێرین و تا ئەمڕۆی کوردە؛ دیارە نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانیش لەم سیفەتە بێبەش نین. ئەولیا چەلەبی نزیکەی پێنج صەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ئاماژەی بۆ ئەم سیفەتی بێ تاقەتی و نەوێران و تەمبەڵییە لای کورد کردووە، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا (چاپی سەعید ناکام، لاپەڕە ٨٣) دەڵێ:

«ئەگەر جغزێک بە دەوری کوردێکدا بکێشی، بشمرێ لەو جغزە نایەتە دەرێ: هەتا یەکێک نەیێ لایەکی جغزەکەی بۆ تێک بدات».

کەواتە، یەکێک لە هۆیەکانی مەرگەساتی مرۆڤی کورد (بەتایبەتی هونەرمەند و نووسەر) کە ناتوانێ ئازاد بژیت و فێر ببێت چۆن نوێگەری بهێنێتە ئارا، ڕەنگە ئەوە بێت کە ئەو، بەدرێژایی مێژوو، لە ناهوشیاریی گەلەکۆیی خۆیدا (اللاشعور الجمعي) هەرگیز بەوە ڕانەهاتووە ئازاد بێت و ئازاد بژیت و ئازاد بیر بکاتەوە! بەوە ڕانەهاتووە خۆی ببینێت کە توانیویەتی دەسپێشخەرە! بەوە ڕانەهاتووە کە تەنیا شەخسی خۆی بێت و شەخسییانە بژیت و شەخسییانە بیر بکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، نەیوێراوە بتوانێت بزانێت چۆن بگاتە ئەو ئاستە بڵندەی باوەڕهێنان بە هێزی خۆی بۆ داهێنان، واتە نەیوێراوە بزانێت چۆن بگاتە ئەو ئاستە بڵندەی کە بتوانێت باوەڕ بەوە بێنێت کە سەرچاوەی داهێنان و جوانی لە قووڵایی شاراوەی ناهوشیاری خودی خۆیدایە، نەک لە دەرەوەی! ئەگینا، ئەولیا چەلەبی گوتەنی: بۆچی تاقەت و هێز و زەوقی ئەوەی نیە کە ئەو جوغزەی بە دەوریاندا کێشاوە بیشکێنێت و لێی بێتە دەرەوە؟! لێرەوە، بنەمای «وێران» بایەخی خۆی وەدیار دەخات. مرۆڤی کورد چۆن فێری ئەوە دەبێت «جوغزەکەی خۆی بشکێنێت و لە جوغزەکەی بێتە دەرەوە»؟ کەی فێری ئەوە دەبێت بتوانێت بوێرێت چۆن بزانێ بگاتە ئەو ئاستەی باوەڕهێنان بە هێزی خود بۆ داهێنان؟ مرۆڤی کورد چۆن فێری ئەوە دەبێت بوێرێت بزانێت چۆن بتوانێ بگاتە ئەو ئاستەی باوەڕهێنان بە هێزی خەون و ناخودئاگایی بۆ دروستکردنی جوانی؟

کەواتە، هەموومان، با بوێرین – هەر یەکە و لە بواری خۆیدا – «جوغزەکەی ئەولیا چەلەبی» تێکبشکێنین..!

لەناو ئەم وێرانەخاکەی تێیدا دەژین، تەنیا ئەم وێرانەیە کە دەمانگەیەنێتە داهێنانەکان! تەنیا ئەم وێرانەیە کە هەموو دەرگاکانی خەون و خود و ناهوشیارییە جوانە خەفەکراوەکان بۆ ئەو کەسانە دەخاتە سەر پشت کە واتێگەیشتوون: دەستەکانی شەو قرچۆکن و پڕن لە بەتاڵی و تاریکی. هەر ئەم وێرانەشە (مەحوی)ی گەیاندۆتە ئەو هێزەی بزانێت چۆن «گەوهەر وەربگرێت لە هیچ».

کاتێ تۆ دەوێریت یاخی ببیت، کاتێ تۆ دەوێریت بەشێوەیەکی جیاواز لە حکوومەت و مزگەوت و حزب و دام و دەزگا و عەمید و وەزیر و مودیرەکەت بیربکەیتەوە، کاتێ تۆ دەوێریت بەپێچەوانەی گەورەکانت و کۆمەڵەکەت، خۆت بیت؛ ئیتر ئەم وێرانە دەبێتە جێژووانی بووژاندنەوەی هەموو توانا و بەهرە ڕاستەقینەکانت: هەر لەو کاتەشدایە کە تۆ چیتر پێویستیت بە نادی ئیعلام و چایخانەی شەعب و عارەق و حەشیشە و مووچەی موستەشاری و ماستاوکردن و پیاهەڵدانی حزب و موناسەبەتەکان نامێنێ؛ لەو کاتەدایە کە تۆ چیتر مننەتت بە هیچ – تەنانەت بە خەڵات و دەرکەوتن لەسەر شاشەی سەتەلایتیش نامێنێت و ئازادیت! – وەک ناصر خسرو:

اسیرم نکرد این ستمکاره گیتی
زیرا کە من بر نفس خویش امیرم

ئەوانەی دەوێرن، بۆیە ماستاو ناکەن و ناوی خۆیان لە سەندیکا و یەکیەتی و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکاندا نانووسن و کەمتریش عارەق دەخۆنەوە و کەمتریش جگەرە دەکێشن: تەنیا مەژغوولی نووسینەوەی خودی خۆیان و بەرجەستەکردنی خەونەکانی خۆیانن. شکۆمەندیی ئەو سەربەخۆیی و یاخیبوونەش ئازادترین ڕەنگ و ئاوازەکانی واتاکانی «زێڕ» بەرهەم دەهێنێت. رامبۆ بوو گوتی«کە دەگەڕێمەوە زێڕم پێ دەبێت».

وێران، کە بنەمایەکی گرنگ و بنچینەیی داهێنانە، جمکانەی کەڵکەڵەی نوێخوازییە. فەلسەفەی وێران بەرهەمی ئەمڕۆ نییە: فەلسەفەیەکی کۆنە – زۆر کۆنتر لە سەردەمی شێخ ڕەزای تاڵەبانی –، بەڵام دینامیکییە، وەک مەرەقی نوێگەری، هەمیشە دووبارە دەبێتەوە و لە هەر سەردەمێکدا خۆی بەشێوەیەکی تازە، تازە دەکاتەوە. با لە ڕۆحی سەرکەشی شێخ ڕەزا وردبینەوە:

من بە ئاشووبم، بە جارێ خان و بانووتان ئەگێم
ئیبنی مەشهوورتان دەیووس و پیاوی بەدخووتان ئەگێم

ئەمەی شێخ ڕەزا لەوانەیە بۆ ئەمڕۆ وێرانی نەوێت، هەموو شاعیرێ بتوانێ بوێرێت جنێو بدا؛ بەڵام بۆ سەردەمی خۆی کە جنێو بگەیەنێتە ئاستی هونەر: داهێنان بووە. یان بە هەمان شێوە ئەگەر لە شیعرەکانی نالی –بەتایبەت مەستوورە و مەککە و کەرەکە و ژوورەکەی یان لەو شیعرەی کە زمانی عەرەبی و کوردیی ئاوێتەکردووە و زمانێکی تازەی نامۆ و عەنتیکەی تێدا خولقاندووە- یان وێرانی ئەحمەدی نالبەند.

هەموو ئەمانە، لەوانەیە بۆ ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ بن و زۆر کەس بڵێن: ئێمەش دەتوانین شتی وا بنووسین؛ بەڵام بۆ ئەوکاتە جەسارەتی ویستووە کە مەلایەک بەم شێوەیە کاربکات: زمانێکی نوێ دروست بکات یان سێکس بکاتە هونەر و بە کەرێک بڵێ: «گەورەم»!

کەواتە، وێران مەبدەئێکە، هی هەمووان و لە هەر سەردەمێکدا، وەک ئازادی: هەر کەسێک لە هەر سەردەمێکدا بۆ دروستکردنی شەخسیەتی هونەریی خۆی بەکاری دێنێ. وێران ئیلتیزام نییە، بەڵکو ڕەهابوونە؛ ڕزگاربوونە لەدەست «جغزەکەی ئەولیا چەلەبی» کە کوێرەگرێی زۆربەی کێشەکانمانە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە، هەموومان، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە گەورەترین سەلەفییەکانی سەردەمی خۆمانین؛ ئەمەش چونکە نەسلی تینووی دوای ئێمە پێویستە بەسەر ئێسک و پرووسکی ئێمەوە بگەنە ئاو.

هونەرمەند لەوە ناترسێ کە سبەینێ هونەرمەندێکی لە خۆی گەنجتر دێتە مەیدان و دەچێ بە حەرفێکی خۆی ڕیزێک شیعرەکانی ئەو بەردەداتە خوارەوە. لەوە ناترسێ گاڵتە بە سیستەمی بیرکردنەوەی بکرێت. لەوە ناترسێت کە چیتر تەشبیهات و ئیستیعاراتی ئەو پەیڕەو نەکرێت؛ چونکە کابرای ئەمڕۆ بۆ خۆی، بای خۆی، زۆری کردووە و بێ مننەتە: لە تەڕەف کێرەوە بەریدی سەبا...

شێخ ڕەزا لە سەردەمی خۆیدا زۆری کرد، زۆر ئافەرینیشی پێ گوتراوە کاتێ سیستەمی تەشبیهات و ئیستیعاراتی کۆنی تێک دا «مەقعەدی بەحرە، گونی قایغە، کێری جسرە»؛ بۆیە لە ئەنجامدا، بێ مننەتە، لە حوکمدان و قەزاوەتەکانی نەسلی داهاتوو ناترسێ:

تڕی ئەولادی ئەم عەصرە بە کێرم
کە من مردم مەگەر گوو بکەن بە خێرم

ئەم شیعرە شاعیرێک نووسیویەتی کە بێباکە لەوەی نەوەی داهاتوو چ تازەگارییەکی خۆیانی دەخەنە سەر.

## ئەو کەسەی خوانی لەبۆ دێ سوبح و شام
## چیی لە ئێمە زیاترە: غەیرەز کەری؟

زۆربەی سەندیکا و بەڕێوەبەرایەتی و بنکە و مەڵبەند و یەکیەتی و کۆمەڵە و ڕێکخراو و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و زانست و ڕۆشنبیری و پەروەردە و داهێنان، بە گۆڕی زانیاریی کوردستانیشەوە: لەدەست هەمان ئەو زەوق و عەقڵانەدان کە هیچ حسێبێکی ئەوتۆ بۆ دوارۆژ و جوانییەکانی خەون و ناهوشیاری و داهێنان و نوێگەری و بەهرە و توانا گەنجەکان ناکەن؟ باشە کەواتە، ئەوانەی نوێخوازن و ڕەسەنن، یان ئەوانەی لە جغزەکەی «ئەولیا چەلەبی» ئازایانە هاتوونەتە دەرەوە، لەکوێ بنووسن، لەکوێ داهێنانەکانی خۆیان بەرجەستە بکەن؟ لە زەمانی بەعس، جاربەجار نووسراوەکانمان دەنارده شاخ؛ زۆربەی جارانیش دەچووین دەوراندەوری دیواری ئاودەسخانەی مزگەوتەکانمان بەکاردەهێنا؛ دیواری ئاودەسخانەکانمان دەکردە تابلۆی بۆچوونە ئازاد و داهێنەکانی خۆمان. ئەدی ئێستا چی بکەین، بۆ کوێ بچین: لەکوێ بنووسین؟ برادەرێکی ڕۆژنامەنووس کە تازە لە کارەکەی دەرکرابوو گوتی: با بچینە (پیرەر)!

برادەرێکی دیکە بە سوعبەت: – نەخێر، با وەک جاران ڕووبکەینەوە دیواری ئاودەسخانەی مزگەوتەکان؟

یەکێک لەو برادەرانەی لە ئەورووپا، گوتی:

– ڕیالیزم، ڕۆمانسیزم، سمبوولیزم، پەرناسەکان، فوتووریزم، سوریالیزم، دادایزم، کۆبرا.. زۆربەی نوێخوازەکانی دیکەش لە دنیادا تەنیا بە دامەزراندنی گرووپ و بەشێوەی پێکەوەیی توانیویانە لە شەڕە کولتوورییەکەدا سەربکەون و گرەوی نوێخوازی ببەنەوە.

– بۆچی بە دامەزراندنی گرووپ و شێوەی پێکەوەیی؟!

– چونکە لە کوردستان هەمیشە ژمارەی کۆنەخوازەکان زیاترە لەچاو ژمارەی نوێخوازەکان؛ جگە لەمەش ئەو کۆنەخوازانە، بەو هەموو ژمارە زۆرییەی خۆشیانەوە، سەرتاپای دەزگاکانی ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن لەدەست ئەواندان. لە کۆمەڵی دواکەوتووی وەک ئێمەدا کۆمەڵە و سەندیکا و زانکۆ و یەکیەتی نووسەران و دەزگاکان، بە هەموو گۆڤارەکانیشەوە.. سەرجەم لەدەست ئەو جۆرە خەڵکانەن کە نەک نەیانتوانیوە لە «جغزەکەی ئەولیا چەلەبی» ڕزگار بن، بەڵکو دەیانەوێ خەڵکی دیکەش بخەنە ناو هەمان «جغزەکە»؛ تەنانەت دەیانەوێ بە ئەنواع و ئەشکال شێوە میانەی نێوان نوێخوازەکان یان ئازادکراوەکان تێک بدەن. ئەمەش بەهۆی «پارە» و ئیمتیازاتی دیکەی وەک پایە و وەزیفە و کورسی، ناچاریان دەکەن بۆ لای خۆیان ڕایانکێشن، لەیەکتریان دوور دەخەنەوە و دووبەرەکی دەخەنە ناویانەوە! ئەم دەزگا زۆر و زەبەندانەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی، بە هاوکاریی کۆنەخوازە بێ شومارەکان – کە بەشێکی زۆریان شەهادەی پرۆفیسۆری و دکتۆرا و ماجستێریشیان پێ دراوە و شەهادەی زانکۆیی دەکەنە بەڵگەی ڕاستبوونی بڕیارەکانی خۆیان، پایە و ئەکادیمیەت دەکەنە هەنجەتی لەسەرهەق بوونی خۆیان. هەرگیز سڵیش لەوە ناکەنەوە، هێندەی پێیان بکرێ، کارێکی وا بکەن کە کۆنەخوازی و کۆنەخوازەکان، بە هەرچی شێوەیەک بێت، بەرز بکەنەوە؛ پڕۆپاگاندەیان بۆ بکەن، خەڵاتیان بدەنێ، نازناوی «گەورەترین» و «هەرە گەورەترین» و ئەم شتانەیان بە باڵا ببڕن، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکاندا هێندە شیرین و بەرز و موهیمیان بکەن کە خەڵک لە دەرەوە هەر حەزبکات ڕەسمیان لەگەڵ بگرێت! هەموو ئەمانەش، بۆئەوەیە کە بتوانن زەمینە خۆش بکەن بۆئەوەی بڕیاری داهاتووی مێژووش هەر بەلای بۆچوونی ئەمان – خۆیاندا بشکێتەوە. عەفووم بکەن، سەرم یەشاندن. مەبەستم ئەوە بوو پێتان بڵێم: ئێوەی نوێخوازە

بۆ ل٧

وێران
تێکست
وێران نوێنامەیەکی دەمدەمییە، ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر بڵاوی دەکاتەوە. ژمارە (٦)، مارسی ٢٠٠٣

# ئەوەی لە بیرم مابێت

ئیسماعیل بەرزنجی



عەسرێکی درەنگی ڕۆژی جومعەی سەرماوز
٢٢ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ
عەللاگەکەی دەستی عەباس:
- دوو قۆدی ماسی سەردین و پەنیری کرافت
-لایلۆنێک مەعکەرۆنی
- شووشەیەک شەربەتی نادری تێدابوو؛
گیرفانەکانی ساقۆیەکەی عەباس
«کە ناوی نابوو جلە صە»:
- گەزۆ و لەوزینە و بنێشتی ئەبوسام
- دەفتەر خدمەیەکی مزەوەر
- ڕۆمانێک و دیراسەیەکی فەلسەفییان تێدا بوو؛
ئەو دەمە
لەو درەنگە عەسرەی مانگی سەرماوز،
لە ڕۆژی پیرۆز و موبارەک،
چوار پیلاتۆس بەسەر گوندەکەدا دەسووڕانەوە،
فەوجێک مەغاویر کێومالّی ناوچەکەیان دەکرد؛
دوو سەد جاش چاوساغیان بوون.
هەفتەیەک دوای خاپوور بوونی «عیشقاوە»
لەو کۆرە وێرانەدا ڕەسمێکمان گرت؛
کامێراکەمان فلیمی تێدا نەما
ئەگینا ڕەسمی ئەو بنیادەمە جاشانەمان دەگرت
کە چۆن فەرهودیان دەکرد
ڕەسمی ئەو ماکەرەشمان دەگرت کە چۆن
جاشکەکەی دەلێستەوە!

# وەفاتنامەیەک

## بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر ڕۆژی لەدایکبوونم

**د. فەرهاد پیربال**

من، ئەمڕۆ: ٢٠٠١/٨/٢٠، کە خاوەن تەواوی عەقڵی خۆمم، ئەم وەفاتنامەیەی خۆم بڵاودەکەمەوە:

من لەمڕۆ بەملاوە، ڕایدەگەیەنم کە هیچ ڕەوایی و مافێکم لە تازەگەری و نوێکردنەوەدا نەماوە. هەر بەرهەمێکم، ئەگەر ئیمزای پێش ٢٠٠١/٨/٢٠ی بەسەرەوە نەبێت؛ پێویست وایە نووسەر و خوێنەران (بەتایبەتی خەڵکی گەنج) بە گومان و بێزەوە تەماشای بکەن؛ متمانەی پێ نەکەن؛ هیچ بایەخ و بەهایەکی بۆ دانەنێن؛ بە چاوی سووکەوە سەیری بکەن؛ بە قسەی قۆڕ و وڕێنەیان لە قەڵەم بدەن؛ تەنانەت پێویست و باشتریش وایە دەمودەست فڕێی بدەنە زبڵخانەوە. ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- نووسەر یان هونەرمەند لە تەمەنی (٤٠) ساڵ بەرەو سەرەوە، هەمیشە - یان بەلای کەمییەوە زۆربەی کات- وردە وردە هیچی پێ نامێنێ. « بڕوانە مانیفێستی دووەمی وێران، دیوانی ڕەشاییەکانی ناو سپی و سپیاییەکانی ناو ڕەش، ل ٣- ٧».

٢- لە سۆنگەی دەوام و بیرۆکراتییەت و ڕۆتین، هەروەها لە سۆنگەی ژیانی خۆی لەگەڵ ژن و منداڵەکانی، لەم تەمەنە بەرەو سەرەوە، ئیتر وردە وردە ڕۆحی داهێنان و تازەکردنەوە لەناویدا کەمتر و کزتر دەبێتەوە؛ لە کۆتاییدا دەکوژێتەوە.

٣- لەبەر ئەوەی، زۆربەی جاران، ناچار دەبێت موجامەلەی حکوومەت یان حزبی باڵادەست یان بەرپرسەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بکات، یان تەنانەت لە ترسی مودیری دائیرەکەی؛ ناچار دەبێت کە بۆیان دا... بهێنێت؛ تەسلیمی بڕیار و پلانەکانی ئەوان دەبێت؛ بۆیە ئیتر هێزی سەرشێتی و یاخیبوون و بڕستی ڕووبەڕووبوونەوەی، کەمتر دەبێتەوە؛ یان هەر بەیەکجاری چۆک دەدات.

٤- نووسەر یان هونەرمەند لە تەمەنی (٤٠) ساڵ بەرەو سەرەوە، زۆر ڕێی تێدەچێت تووشی «خرفان» و «کەرێتی» و «داء العظمە» و «حەسسوودی» و «شیزۆفرینیا».. ببێت.

من بەش بە حاڵی خۆم، ئەم دوو خاڵەی سەرەوەم - لەڕێگەی وەزیفەکەمەوە، کە زانکۆیە - زۆر بەئاشکرایی بۆ سەلماوە: وەزیفە و ئاواتی تەرقیەکردن، ماڵ و منداڵ بەخێوکردن، چاوبڕینە پایە و کورسی و پارەی موحازەڕات و پارەی ئیشراف کردنە سەر نامە زانکۆییەکانی قوتابییانی ماجستێر و دکتۆرا (کە ئەمڕۆ باشترین و ئاسانترین بازرگانییە بە شەرەفی ئەدەبیات و قوتابییانی بەستەزمان دەکرێ).. هەموو ئەمانە لە ڕاستەشەقامی داهێناندا سەرچیغت دەبەن؛ بە ناوی «ناچاری» و «ئەکادیمیەت» و ڕەسمیات و ئیدارەوە، دەتخەنە ناو چڵکاوێکی بۆینباغ نارنجییەوە.



کەواتە، ناکرێ نووسەرێک کە داهێنانەکانی خۆی لە تەمەنی پێش (٤٠) ساڵیدا کردووە، یان نووسەرێک کە لە دەرەوەی زانکۆ و دائیرەکانی دیکەوە بۆتە نێرگز؛ تا هەتایە، هەر لەسەر عەرشی «داهێنانەکانی» چل ساڵی ڕابردووی خۆی بژیت؛ یان لەسەر حیسابی ئەوە سنگی خۆی بێنێتە پێشەوە کە دکتۆرا و پرۆفیسۆرێتیی لە «سۆربۆن» یان لە «ڕووسیا» وەدەستهێناوە. پێوەرێکی ئێستەتیکی، لە دەرەوەی هەموو ئەم دائیرە و دەزگا و زانکۆ و شتە قۆڕانەوە هەیە، وەک منداڵێکی خۆشەویستی وڕکگر، ناچارمان دەکا باوەڕی پێ بێنین...

ئیتر بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم:

من لەمڕۆ بەملاوە (بەداخەوە بۆ خۆم و بۆ ئەو کەمبەیەی خۆشی دەوێم) چی بکەم: وردە وردە دەچمە ڕیزی پەککەوتە و سەلەفی و کۆنەخواز و بیرۆکرات و هیچ پێ نەماوەکانی وەکو ........... هەزارانی دیکە! بەداخەوە بۆ ئەوانەی بەرهەمەکانی منیان لەلا جوان بووە: وردە وردە دەچمە خانەی ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە خڵەفاون یان تووشی داء العظمە و کەرێتی و حەسسوودی و تەمبەڵی و خۆبەزلزانی هاتوون؛ واتێدەگەن کە جیهانی ئەدەب و هونەر تا هەتایە هەر پێویستە لەژێر دەست و پێی ئەواندا و بە دڵی ئەوان بەڕێوە بڕوات! من ئەمڕۆ دەچمە ڕیزی هەموو ئیعلامی و سەرنووسەر و ئەکادیمیە پیرەکانەوە؛ ئەوانەی بەدرێژایی ژیانم گاڵتەیان بە هێرۆ هەترەشچووە عەنتیکەکانی سەر دەستم دەکرد، بێزیان لەوە دەکردەوە کە قەرەوێت نابەستم و گۆرەوی لەپێ ناکەم و لەبەر مودیرەکانیان هەڵناستمەوە؛ کاتێ دەشیانبینیم دەیانگوت: (ها، شێتۆکە؟ هیچت نیە ڕەفزی بکەینەوە؟). دەچمە ڕیزی ئەو پیرە سەگانەی، کە هەمیشە، لە ژیانی جەوانی و ڕابردووی پڕ لە سەرکێشیی خۆمدا، پێم دەوەڕین!

کەواتە، چیتر لەمەودووا هیچ کەسێک (بەتایبەتی حەڵکی گەنج) بەوە فریو نەخوات: من مادام دکتۆرم، مامۆستای زانکۆم یان دە دووازدە کتێبێکی قۆڕم چاپ کردووە؛ کەواتە ئیتر هەرچی شتێکی من و ئەمسالی وەکو من دەیاننووسین؛ جوان و دروست و ڕاستن! بە پێچەوانەوە، ئەو بەرهەمانەی کە من و ئەمسالی وەکو من - ئەگەر لە چل ساڵی بەرەو سەرەوە دەیاننووسین - چاوەڕێی ئەوە بکەن بریتی بن لە پیسترین ژەهر، کۆسپ و چاڵێکی ملشکێن، لەبەردەم پێشکەوتنی ئێوەی جەواندا.

ئەمەی من دەیڵێم، باوەڕ بکەن: خاکەڕایی نیە، بەڵکو جەختکردنەوەیەکی گرنگە لەسەر پێویست بوونی بوار بەجێ هێشتن بۆ خەڵکی گەنج؛ هەروەها ماف و ڕەوایی بەخشین بە بەهرە و توانای جەوانەکان بۆئەوەی باوەڕ بە خۆیان پەیدا بکەن و بتوانن بزانن چۆن بوێرن لە «جغزەکەی ئەولیا چەلەبی» دەربازیان ببێت؛ هەروەها جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە ئینسانی پیر ئیتر پێویستە لەمەودوا هیچ ئیعتیبار و بایەخێکی بۆ دانەنرێت؛ تۆپی پێوە بنرێت! نووسەر و هونەرمەندی پیر پێویستە ئیتر لەمەودوا، زۆر موحتەرەمانە، بێ ئەوەی کەس پێی بڵێ، بۆ خۆی بچێت لە مۆزەخانەیەکدا هەڵکورمێت: باسی زەمانی خۆشی «ئەحمەد حەسەن بەکر» بۆ نووسەر و هونەرمەندەکانی سەردەمی «مەلیک فەیصەڵ» بگێڕێتەوە...

دە، کەواتە، ئەی گەنجە نوێخوازە نۆزدە ساڵە - چل ساڵەییەکان! ئەی بەهرە بێدارە دڕە بەدەوەکان! لەگەڵ هەموو ئەمانەش، ببوورن، ئەگەر بە سەرکزی و خەفەتەوە، ئەمڕۆ، پێتان بڵێم: خۆزگە هێشتا چەند ڕۆژێکی دیکەش لەگەڵ ئێوەی گەنجدا بمایەتمەوە...

## بۆ ئەوەی شار، وەک «شاری هەمووومان» بمێنێتەوە، دەبێت هەریەکەمان ئازادبین لە بەرهەمهێنانەوەیدا.. ڕێبوار سیوەیلی: ڕ. ڕێگا، بەهاری ٢٠٠١

### پاشماوەی سروود میرخان

دەربازبووەکانی «جغزەکەی ئەولیا چەلەبی» هەم لەڕووی ژمارەتانەوە، هەم لەڕووی هێز و تواناتانەوە، لاوازن؛ تاک تاک یان بەتەنیا هەرگیز دەرۆستی ئەم هەموو کۆنە خوازانە نایەن! هەر بۆیەش، هەندێکتان، گوناح گوناح، ناچار دەبن کە هەندێک جار بچن ماستاو بۆ هەندێک لەو « سەرنووسەر» و «کاربەدەستانە» بکەن، یان دەچن لەسەریان دەنووسن و لەلایان دەبنە فەرمانبەر بۆئەوەی ئەوانیش لە سووچێکدا یان لەلایەکەوە «کەمۆکەیەک» بایەخێکتان پێ بدەن! کەواتە، ئێوە، ئێوەی ئازادبووی «جغزەکەی ئەولیا چەلەبی»، ئێوەی نوێخوازانی «کەمبە» و تەنیا باڵ، ئێوەی بەستەزمان، لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیتان بە یەکگرتن هەیە. بەڕاستی، ئێوە، پێویست وایە گرووپ دابمەزرێنن.

- من باوەڕم بە کارکردن لەناو گرووپدا نیە.

ئەو برادەرەی ئەم قسەیەی کرد، بۆ خۆی لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کاری دەکرد.

- باشە، چما هەر سەرنووسەرێک، سەرۆکی هەر سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوێک، یان هەر بەڕێوەبەری دەزگایەک.. کە ستافێکی «مووچەخۆر»ی نووسەر و ڕۆشنبیر و تەکنیککاران لەگەڵی کار دەکەن؛ مەگەر ئەمانە گرووپ نین؟ دژی بەرژەوەندییە ئێستەتیکی و مەعریفییەکانی ئێوە کار ناکەن؟! ئەمانە، بەو هەموو هێزە لەبن نەهاتووەی خۆیانەوە، کە هەمیشە توانای ئەوەیان هەبووە توانا و بەهرەکانی ئێوە هەڵمژن؛ لە هەمان کاتدا هەموو نەخشە «مەعریفی» و «ئێستەتیکی» و سیستەمە «ڕۆشنبیرییەکان» تەنیا خۆیان دایدەڕێژن و بەسەر ئێوەدا پیادەی دەکەن؛ گرووپ نین..؟

- بەڵێ گرووپن..

- هەموو ئێوەشیان ناچار کردووە کە تەنیا بۆ ئەو دۆسیە و گۆشە و بۆچوون و بەرژەوەندی و مەنهەجانە کاربکەن کە ئەوان پێیان خۆشە دایبڕێژن. هەموو ئێوەشیان ناچارکردووە، شەوانە، لە نادی و کۆڕ و کۆبوونەوە و چایخانەکاندا تەنیا ئەو شتانە هەڵڕشێننەوە کە خۆتان بە ناچاری بۆ ئەوانتان ئەنجام داوە. ئەسڵەن ئێوە وەکو ئامێرتان لێ هاتووە: لەناو ئەدەب و هونەردا ناژین، بەڵکو لەناو کۆمەڵێک سیستەمی ئیداری و ئەوامری بیرۆکراتیدا دەژین. ئەمان بەئاشکرا مومارەسەی گرووپایەتیی خۆیان بەسەر ئێوەدا دەکەن، ئێوەش هەمیشە لەوە دەسڵەمێنەوە کە بچن «گرووپێک» بۆ خۆتان دروست بکەن!

- ئەوەی تۆ باسی دەکەیت لەبارەی ئەوانەوە، گرووپ نییە؛ حکوومەتە.. مەبەستم حزبە.

- حکوومەت یان حزب! تۆش دەزانی: زۆربەی جاران، حکوومەت یان حزب شێوەیەکی خراپی گرووپەکانە؛ ترسناکترین شێوەی گرووپەکانە کە ئەدەبیات و هونەر لە خشتە بەرێت. پاشان، زەحمەت نەبێ؛ ئەدی مەگەر تۆ بۆ خۆت، ئێستا، بێ ئەوەی پێ بزانیت، کە لەناو ئەو دەزگایەدا کاردەکەیت؛ لەناو گرووپێکدا کارناکەیت کە دژی سیستەمەکانی چێژ و مەعریفە و پێوەرەکانی داهێنانی خۆت و هاوڕێکانتە؟

-زۆر ڕاستە. هەموو ئەم کوردستانە گرووپێکی گەورەیە؛ داو بۆ نووسەر و هونەرمەندە بێ گرووپەکان دەنێتەوە؛ ملکەچی خۆیان دەکات.

برادەرێکی تر گوتی: - ڕاستە. ئەم مەسەلەیە، میشێل فۆکۆش باسی دەکات و ناوی دەنێ: «میکرۆفیزیای دەسەڵات». ئێمە بەڕاستی هەر بۆ خۆمان، دژی خۆمان، پیسترین ڕۆڵ دەبینین (لە چوارچێوەی ئەو میکرۆفیزیای دەسەڵاتەدا ) لە دژی خۆمان و هاوڕێکانی خۆمان.

- منیش دەڵێم: ڕاستە، بەڵام گیروگرفتەکە لەوەدایە، ئێستا، لەدوای ڕاپەڕینەوە، سەبارەت بە «لوقمەی ژیان» و ماڵ و منداڵەکانمان، بۆ خۆشمان گلاوینەتە ناو شەڕ و تاوانەکانەوە.

لەو دەمەدا شێخ ڕەزا لە سووچێکەوە هاواری کرد: «گەرچی ناتوانێ ببزوێ، هێند لەڕ و کەم قووەتە؛ دەنکە جۆیەکی نیشان دەی: تا قیامەت دێ لە دووت. برادەرە «ئەورووپاییەکە» پێکەنی، گوتی:

- شێخ ڕەزا ڕاست دەکا! دە کەواتە، ئێوە، پێویستە پارە بۆ خۆتان پەیدا بکەن!

- نەخێر دەوەستین تا دۆلار دەشکێ.

- شەرەف و ناموسمان، کەواتە، بە نرخی دۆلارەوە بەندە.

- سومعەی ئەدەبی و هونەریمان، کەواتە، بە مووچە و لوقمەی ژیانمانەوە بەندە.

- نەخێر، بەمەوە بەندە کە کەی و چۆن دەتوانین بزانین لە «جوغزەکەی ئەولیا چەلەبی» ڕزگارمان بێت..!

- هەر چۆنێک بێ، تا ئێستا بە هێزی ئێمەی نوێخواز هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەداوە، لەوانەش نیە ڕووبدات.

- بەڵام من دڵنیام: لە داهاتوودا، ئەم مەرەکەبە ڕەشە عەجوولە (ئەوەی کە ئەم حەسرەتانە دەنووسێت) زیاتر لە هەموو ئەو بەڕێوەبەر و عەمید و مەسئوول و سەرنووسەرانەی کە ئێوە لێیان دەترسن، حسێبی بۆ دەکرێت...

### پاشماوی ئەحمەدی مەلا

بکات. ئەم جوداخوازییە گرنگە. قەیدی چییە با هەندێ شتەکان بەجیدی وەرنەگرین، بزانین چ دەبێ! ئەمە لە حاڵەتێکدا بەرهەمە جیدییەکان خۆیان زۆر جیددی نین.

**کاری پێکەوەیی داهێنەران:**

لە بواری داهێناندا کاری پێکەوەیی ئاسان نییە. من حەزدەکەم خۆم لەناو گروپێکدا بدۆزمەوە، بە مەرجێ ئازادیی خۆم بپارێزم، تەئسیری سلبی نەکاتە سەرم. ئەمەش پەیوەندی بە فەردەکانی گرووپەکەوە هەیە. شاعیران بەشێوەیەکی گشتی زۆر حەساسن، هەموومان وا هەست دەکەین لەوی تر شاعیرترین، ئەمەش ڕەنگبێ سوودی هەبێت، بەڵام نابێت بگاتە ئەو ئاستەی کە ئەوەی بەرامبەری خۆمان نەبینین.

من بە حاڵەتێکی تەندروستی دادەنێم کە لەپاڵ دەزگای ڕۆشنبیری حیزبی و سیاسی، دەزگا و تاقم و گرووپی سەربەخۆش دابمەزرێت. با یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەوی تر نەبێت. بۆ ئەوەی وەکو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان، بتوانین لەناو ڕۆشنبیرییەکی سەربەخۆ ئیش بکەین. من نامەوێ فەرەنسا، یا ئەڵمانیا وەکو نموونە و مۆدێل بهێنمەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ڕژێمێکی دیکتاتۆریش بکەمە نموونە. ئێمە میللەتێکین ساڵەهای ساڵە عەودالی ئازادین. با سوود لەم ئەزموونە ببینین و سیاسەت مۆرکی میللی وەربگرێت و حیزب کاری خۆی بکات و ڕۆشنبیری ببێتە هۆیەک بیری کوردی پێ ڕۆشن بکرێتەوە. من هەمیشە حەزم کردووە کاری پێکەوەیی بکەم، بەڵام چۆنیەتی ئیشەکەش گەلێ بەلامەوە گرنگە.

**هونەر، ئەدەب: گەمە...**

ئەمە شتێکە زۆر جار ئازارم دەدات کە دەبینم: ئەدەبی کوردی بە قەدەر سیاسەت جیددییە. ئەمەش تاکو بڵێی شتێکی سلبییە، زۆر جار وا هەست دەکەم کە ئەدەبی کوردی، زۆر ماقووڵ و ڕێکوپێکە، کەم جار لە پیاوێکی سیاسی جودا دەکرێتەوە. جا بە ڕای من، پێویستییەکی لە ڕادەبەدەرمان بە گەمە هەیە (گەمەی ئەدەبی) بۆ ئەوەی ئەدیبان زویر نەبن، گەمەش شتێکی جیددییە. چەند هونەرەکە بە شیعرێک پێبکەنین! خۆ لە ئەدەبی کلاسیکیشدا ئەمە کراوە، نموونەکان ئاشکرا و دیارن. بەڵام ئێستەی ئەدەبەکان تووشی دەمارگرژی هاتووە. دەمارگرژی بەو مانایە بەکار دەهێنم کە بە زەحمەت پێدەکەنێ.

ویران نوێنامەیەکی دەمدەمییە،ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر بڵاوی دەکاتەوە. ژمارە (٦)، مارسی ٢٠٠٣

# ویرانی گەنج و قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین

لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٣ کۆمەڵێک قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کە بە «دیسەمبەرییەکان» ناویان دەبەن، بە هاوڕێیەتیی چەند گەنجێکی هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس، لە بەردەم دەروازەی ئیبراهیم خەلیل لەسەر سنووری کوردستانی عیراقدا، ویران خۆپیشاندانێکی هونەری و نوێخوازانە دژ بە ئەگەری هاتنەژوورەوەی لەشکری تورکیا بۆ ناو کوردستان سازبدەن.

لەم خۆپیشانەدا، کە بریتی بوو لە شێوە مانگرتنێکی خۆڕووتکردنەوە: مۆسیقاژەنین، وێنەکێشان، شیعرخوێندنەوە، نمایش، سروود.. زیاتر لە ١٧ میدیای ئەورووپایی ئامادە بوون و هاتن چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و ڕۆژنامەنووسییان لەگەڵ سازکردن و لەکۆتاییدا ئەو قوتابی و گەنجانە توانییان دەنگی نارەزایی میللەتی خۆیان بگەیەننە هەموو دنیا. ئەو مانگرتنە هونەرییە نیشتیمانییە هێندە تراژیدی و کاریگەر بوو کە وای لە شاعیری ناوداری مەڵبەندی




دهۆک، کاک موحسین قووچان کرد لەوبەرەوە لەسەر شۆستەکەدا – بۆ مەرگەساتی نیشتیمانەکەی خۆی – ئەویش دەست بکاتە گریان.

ئەم خۆپیشاندانە، بێ جلوبەرگ، ڕووت، مانای ئەوەی دەگەیاند کە ئەم توێژە یاخی و سەرازایە، وەک ڕۆحی نەتەوەکەیان ڕووت، هیچ چەکێکیان نیە بۆ بەرگری؛ بۆیە پێویستە لەشکری تورک شەرم لە ڕووتیی ئەم قوتابی و گەنجانە بکاتەوە و بکشێتەوە؛ بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر لەشکری تورک ڕانەوەستێت و هێرش بهێنێ، ئەم قوتابی و گەنجانە وایاندانابوو کە «چەکی پیاوەتیی خۆیان» دژ بە دەبابەکانی تورکیا دەربهێنن..

بەڕێزان وەزارەتی ناوخۆی کوردستان، پارێزگاری دهۆک، بەڕێوەبەری گومرگی ئیبراهیم خەلیل و لقی ٨ و لقی ١، دووای پشتیوانی و ڕێزنانێکی جوان لەم هەڵوێستە نەتەوەییە، سەبارەت بە مەترسیی بارودۆخە سیاسییەکە، بەداخەوە مۆڵەتی تەنیا دوو ڕۆژیان دایە ئەو گەنجە یاخییانە. هەروەها یەکیەتیی نووسەرانی کورد– لقی دهۆک، دڵسۆزانە، بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ، بە شەو و بە ڕۆژ خزمەتی ئەم گەنج و قوتابییە یاخیبووانەیان کرد.

شایانی باسە، وەک تێبینی دەکرێت، لە ئەنجامی ئەو دیموکراسی و ئازادییەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، توێژی قوتابی و گەنج ئەمڕۆ لەپێش هەموو توێژێکی دیکەی وەک نووسەر و ڕۆشنبیر و مامۆستایانی زانکۆ هەست بە بەرپرسیارێتی و ئەرکە نیشتیمانییەکان دەکەن؛ پێش هەموویان ڕادەچەنن، پێش هەموویان یاخی دەبن، پێش هەموویان بێدار دەبنەوە و داخوازییەکانی گەل دەردەبڕن. ئەمڕۆ، زۆر بەباشی هەست بەوە دەکرێت کە گەنج و قوتابی و خوێندکارانی کوردستان بەڕاستی ڕمی شۆڕشن! بۆ باشتر سەلماندنی ئەم ڕاستییە مێژووییە، دەبێ بگوترێت: ئەمڕۆ لە شاری هەولێر و سلێمانیدا دوو بازنەی قوتابی و خوێندکارانی سەربەخۆ بە ناوی (بازنەی گفتوگۆ) و (هەڵوێست) لەگەڵ دوو ڕۆژنامە بە ناوی (خوێندنی لیبراڵ) و (شوناس) لەگەڵ بازنەیەکی فەلسەفی بۆ تۆژینەوەی فیکری و فەلسەفی دامەزراون. ئەمە جگە لەوەی کە قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەم ماوەی دوواییدا، یەکڕیز، زۆر جەسوور و هاوچەرخانە لەپێناو گۆڕان و ریفۆرمەکاندا ڕاچەنیون.

قوتابی و خوێندکار و گەنجی ئەمڕۆ ئەو نەسلە سەرازا و بێدارەیە کە بە ژیانی دووازدە ساڵەی ئازادی و دیموکراسیی دووای ڕاپەڕین ڕاهاتووە و دەیەوێ چەمکە نوێخواز و دەسکەوتە مێژووییەکانی لە ڕاپەڕینەوە بۆی ماوەتەوە بەناو ژیاندا بیانگێڕێت و جێبەجێ بکرێن.

یەکێک لەو قوتابی و گەنجانە نووسیبووی: «دووارۆژی ڕووناکی کوردستان تەنیا لەناو لەپی گەنج و قوتابی و خوێندکارانەوە لەدایک دەبێت؛ نەک لەسەر دەستی پیر و عەمید و ئیدارە بیرۆکراتییەکانەوە...

## بایکۆت کردنی کەلوپەل و خواردەمەنی و بەرهەمهێنراوەکانی تورکیا

**– هیچ بەرهەم و خواردن و خواردنەوەیەکی تورکی مەکڕن!**

لە حاڵەتێکدا لەشکری تورکیا پڕۆژەی هاتنەناو کوردستانی عیراق بەڕاست بگێڕێت و بیەوێ بەڕاستی دەست بخاتە ناو کاروباری ئیدارەی کوردستانەوە، هەڵبەتا لە بەرژەوەندیی هەموو گەلی کوردستاندایە ئەگەر هەموو کەلوپەل و خواردەمەنی و خواردنەوەیەکی لە تورکیا بەرهەم دەهێندرێن ودەگەنە کوردستان، نەیانکڕن و بایکوتیان بکەن.. هەمووشمان بە یەک دەنگی نیشتیمانپەروەرانە یەکتری بێدار بکەینەوە و لەناو خەڵکی دڵسۆزی خۆماندا بڵاوبکەینەوە:

**– با هیچ کەسێک کەلوپەل و خواردن و خواردنەوە و بەرهەمە تورکییەکان نەکڕن!**

لەوکاتەدا بێگومان زیانێکی گەورە لە ئابووری و دارایی تورکیا دەکەوێت و چیتر ناتوانێ ببێتە ئەو زلهێزە لەخۆباییەی کە گاڵتە بە سەرکردەکانمان بکات و بڵێ: «ئەم میللەتە چیانشینە کێوییە بەبێ ئێمە ناتوانێ خۆی بەڕێوە ببات!». لەم کاتەشدا بێگومان حکوومەتی هەرێم پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە نەخشە و پلانێکی بازرگانیی دیکە دابڕێژێت؛ کەناڵی دیکە و مەرجی دیکە بخاتە بەردەم حکوومەتی تورکیا. ئەم هەڵوێستە لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی ئابووریی نەتەوەییمان.



تەلەڤزیۆنی سەحەر: کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی ١٤ی ئەم مانگەدا (١٢٥) ئەسیری دیکەی خەڵکی عیراقی، کە کاتی خۆی لە جەنگی کەنداودا گیرابوون (دووای حەڤدە ساڵ مانەوەیان لە ئەسارەت) بەڕەڵا کرد. دەستخۆشی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین، بەڕاستی هەڵوێستێکی موسڵمانەتییان نواند کە وایان کرد ئەو ئەسیرانە بە ژن و منداڵەکانی خۆیان شاد ببنەوە.

وێنەی **ئازادیی ئافرەتێک لەناو ڕووباردا** بە کامێرای ژێنووپ سیێڤ، کە لە ساڵی (١٩٨٥) گیراوە، لەم مانگەدا لە ئۆسلۆی نرخی گەیشتە پێنج هەزار دۆلار: لەبەر ئەوەی گوایە «ژنی ئەورووپایی ئێستا حەزدەکەن لاسایی ژنی سەردەمی جارانی ڕۆژهەلات بکەنەوە».



# هەولێر



ڕێبوار سیوەیلی، ئەحمەدی مەلا، فەرهاد پیرباڵ

دەم دەخەمە مێژووتەوە؛
تۆش پڕم بکە لە تێکشکان!

دەتلێسمەوە لەبەر سەرمای قاچەکانتا،
ئەو قاچانەی حەوت هەزار و پێنج سەد ساڵە بەناو ڕۆحی ئێمەدا ڕۆچوون.
حەوت هەزار و پێنج سەد ساڵە دەیانەوێ بەرەو دواوەت بگەڕێننەوە: بەرەو سەدەکانی قەبر.
ئەمە سەدەکانی قەبرە، یان سەداکانی قەبرە، کە تیامدا زندوو دەبنەوە؟
ئاه! ئەی جەهەندەمەکەی نیشتیمان، ئەی پایتەختی هەرێمێکی بێ کۆمارتر لە گوڵ،
بێ گوڵتریش لە کۆمارەکەی مەهاباد، بێ کەستریش لە حەیران؛
حەیران هەڵمێکە و هەڵدەستێ، هاڵاوێکە دەلکێتە قەدی گژوگیا!

پڕووکاوە پەنجەم لە تەماعی زووقمی هاوین
چەند ڕووتە ڕۆحم، چەند پەنهانە لە تۆ خەونم. پێدەچێت سوورەچنارێکی زرڕ بم جەنگەڵیش بێ ئاگا.
کەواتە، ئەی خەونیترین پەنهان و ئەی پەنهانترین خەونی من؛
خەونەکانی خۆتم بدەرێ، با بیانکەمە مەدینەتولعابێک!
چڵکاوە بێ زێرابەکانی خۆتم بدەرێ، با بیانکەمە خەستەخانەیەک!
مزگەوتەکانی خۆتم بدەرێ، با بیانکەمە فڕۆکەخانە!

لە «زەردک»ەوە بۆ هەولێر،
لە «بارێی بچووکەوە»وە بۆ هەولێر، لە پاریسەوە، لە کۆپنهاگنەوە، لە «مانچا»وە، لە زووریخەوە، لە ئامریکاوە.. لە هەموو شوێنێکەوە بۆ هەولێر؛
ئەدی لە هەولێرەوە بەرەو کوێ بچم؟ ئاخ:
تۆ وەک (قورتوبە) وایت؛ من هەر دێم و تۆ هەر دوور و دوورتر دەکەویتەوە!

تۆ شار نیت، ویرانەیەکی جوانیت؛ وەک بەدبەختی و چارەنووسی سیای ئەم نەوەیە دەدرەوشێیتەوە.
قەیدی چییە: با بدرەوشێنەوە ئەو چرایانەی پێیان لەناو ئاودایە!
دەرژێمە چاوانتەوە بەیانیان. جوانیی من لەوەدایە: خۆر بم بم بم
بمکە بە سەیران با سێبەرەکانت لەبەردەمما هەڵبلەرزن!
لەوانەیە بگریم: تۆ شادییەکانم بخوێنەوە
لەوانەیە بمرم: تۆ پڕ دەبیت لە گریان.
– فریام کەون ئەی هێزە شاراوەکانی شاری شەو،
فریام کەون ئەی وزە وەنەوشەییەکانی وێنەکانی (واو)!
واو لە لوورەی گورگ، واو لە پشیلەی شەوان، واو لەم واوانەی کە وەکو توولەسەگ دوام دەکەون.
ڕمانم بەردێکە. لەوانەیە بتکوژێ بەربوونەوەی لەپڕم.
ئامێزم ئاگرێکە، شەختەیە بڵێسەی نیگام.
خنکانی من لەوەدایە کە تەنانەت واقیعی بوون و مەنطیقی بوونیش مەنطیقەکانی ئازادیم پیشان نادا.
کەواتە چی بکەم؟ چی بکەم لەو شارەی کە وەک کوورە شیعرم، کاغەزم وەک پووش دەسووتێنێ؟
چ بکەم لەناو گەردەلوولی عەدەما جەستەم لەناو تەما دەشێوێنێ؟
دەستەکانت بخەرە ناو پرچم، بژمێرە هەناسەم لەسەر بەزمی خێراییت!
خێراییت بەقەد سستیی کیسەڵێک جوانە. جوانیت، بەقەد خێرایی دڵم، پەشێوم دەکا.
جوانیت لە گرمەی هەتاودا دەبینم، کاتێ گڕ لە پێستە منداڵییەکەم بەردەدا
کەچی نازانم بۆچی لە تۆ بەرنادا... لە ئەو بەرنادا
ئاخ! هەموو مەرگەساتی ئێمە، کەواتە
لەو تاوان و گوناحانەدایە کە بەژێر هەنگڵماندا گڤەیان دێ!

تۆ تەنانەت بەهەتیوی و لەژێر سێبەری ڕەشی گوناهیشدا هەر جوانیت..

٢٠٠١/٦/١٧

وێران

تێکست

وێران نوێنامەیەکی دەمدەمییە، ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر بڵاوی دەکاتەوە. ژمارە (٦)، مارسی ٢٠٠٣

# مەزڤڕی

سەعدوڵڵا پەرۆش، هاشم سەڕاج، کەریم دەشتی



به گوڵ بوو بۆنی تۆ، گوڵی من!
لەو فەوزای فەزای بەفرینی پێستە ئەسمەرییەکان
حەزەکانمان دەگەوزاند و
ئاگری ئەسمەریت ئاڵ دەچۆوە.
بەو ئاسمانی قژەت بمشارەوە ئەی ساباتی قژ!
نکارم ئە لەو دنیا و ئە لەم دونیا
نازانم نە دوێنێم، نە ئەمڕۆم!
نازانم، نکارم... نا.
ئێوە، ئەی ئەوانەی کە دەزانن سبەینێم ـــ
ئەو سبەینێیەی کە خۆم نایبینم ـ ڕەنگەکان چ
دەنوێنن، دەنگەکان چ دەڵێن!
ئاخر، سبەینێ، ئەو سبەینێیەی کە من تێیدا نیم،
هیچ ناڵێم.
ڕەونەقترین شەراب و شەرابیترین جوانی،
هەموویان بەفرترین توانەوەن،
هەموویان گوڵاڵەترین پووکانەوەن
ئەی شەرابیترین باخۆس!
برینترین برین هەڵدەوە!
هەڵدانەوەی زەخمەکانت ئاگریترین عیشقێکە لە
ئەڵماس.
چیدی مەزڤڕی!
بەو باڵا خوداوەندییەت و ئاخاوتنەکان ئاڕاستەی
ئاسۆ مەکە!
دەمرم و ئەو جوانییە جیوەییە وجوودێکە لە
تەڵیسم و زناک
مەزڤڕی ئەی ئەسمەرترین زیو... زیو... زیو
مەرگ یادەکانمان دەنۆشێ
کەواتە، ئەی گوڵی گوڵڕەنگ و گۆناگاز
ئەی تەمی تەماوی و تەماشای تەماهی
مەزڤڕی... مەزڤڕی... مەزڤڕی
با بۆنت بەرامەی با و باخۆس و باتاس بێ!
مەزڤڕی!



# سپاردنی قفڵەکانی پرچم بە هەتاو

تەرزە جاف

ئەی کچی سێو!
تاوێک لەبەر ئاوێنەکەت بسرەوە و گوێ بۆ نۆتەکانی لەشت ڕابگرە!
گەر ئاوێنە تۆی نەناسییەوە: بچۆ بەر پەنجەرە و دەستێک بە تاڵە شەرمنەکانی پرچت دابێنە!
گەر ئاسمانیش خۆی لێت شاردەوە:
دەفتەرێکی پەمەیی دەربهێنە و بەدووای یادەوەرییەکانی خۆتدا بگەڕێ!
گەر فۆنتەکان خۆیان لێت گۆڕی: لە ئەلبوومێکدا بۆ موچڕکە عەیارەکاندا بگەڕێ!
گەر زریکەی ئازاری وێنەکان دەبەنگیی گوێتیان دڕی: ئەلبوومەکەت دانێ و لە تاریکیی ناخی خۆتدا بەدووای خوادا بگەڕێ و بپاڕێیەوە:
– ئەی خودای لە میهرەبانیدا بێ نموونە،
منیش لە تەنیاییدا بێ نموونەم..
خاوێنی: پێستم شەق دەکات
پاکیزەیی: ڕۆحم لە قاڵب دەدات و باڵەکانی هەوەسم هەڵدەکڕووزێنێ..
ئەی خودای گەورە، من ئاوی غوسڵ خنکاندمی
من هەر هەناسەیەک دەدەم: غوسڵێک دەردەکەم
من گوناح ناکەم و غوسڵ دەردەکەم..
ئەی خودای خاڵق
من ئادەمم لە داوێنی پاکمەوە خولْقاند و غوسڵ دەردەکەم
من هێشتا نەشوەیەکی لەززەت نەیگرتووم کەچی
پۆل پۆل منداڵەکانم پێ دەگرن و بەجێم دەهێڵن
من هەناسەیەک پرچی شەرمنم ماچ ناکات و گوناهبار دەبم..
ئەی خودای گەورە
کە ئاسمان خۆی لێم بشارێتەوە
ئەی من ئەو هەموو غوسڵە بۆ دەردەکەم؟
کە ئێستا تەنیا پشیلە بەردەرگام بناسێتەوە
ئەی من ئەو هەموو پەپوولەیەم بۆ لە خۆ دەتۆراند؟
من ئەو هەناسە ڕەنگینانەم بۆ دەسپاردە ئەلبوومەکان گەر ئێستا بە نیگاکانم بخنکێن؟
من دەستە خەناوییەکانم لەناو تاکە گۆرەوییەکدا بۆ زیندان دەکرد: گەر بمزانیایە هەموو ڕۆژ نینۆکەکانم دەبنە مەعبەدی شەیتان؟
من چیم کردبوو تا ئاوی دەستم وەک گۆشتی سەگ حەڕام بێت؟
دەی خودای گەورە و دلۆڤان
با غوسڵەکان بۆ سیاسەتمەدارەکان بن
گوناحەکان لە ئەستۆی داوێنپیسەکان
با ئاوی دەستی حەڕامخۆرەکان حەڕام بێت
خەنەکانیش لە دەستی بووکە یەکشەوەکان بگیرێن؛
من تەنیا ئاوێنەیەکی ڕاستگۆم بەسە: گۆرانییە خنکاوەکانی لەشم بۆ بلێتەوە و قفڵەکانی پرچم بە هەتاو بسپێرێت.

# لە بازنەی داخراوی ژنسالاری دا

د. موحسین ئەحمەد



وێران

وێران نوێنامەیەکی دەمدەمییە، ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر بڵاوی دەکاتەوە. ژمارە (٦)، مارسی ٢٠٠٣

# د . ئەحمەدی مەلا ئەو شاعیرەی لە ژنێف و قورتوبە و پاریس و غەرناتەوە... هەر خەون بە کەرکووکەوە دەبینێ!



**د. عەبدوڵڵا ئاگرین: ئەحمەدی مەلا توانیویەتی کاریگەریی ئەورووپا زۆر کوردانە بە ئەرک بخات.**

**ئەحمەد سەلام: یەکێک لە سەرقافڵەکانی شیعری ئەمڕۆی کوردی، ئەحمەدی مەلایە.**

**شوکور مستەفا: ئەحمەدی مەلا وەک خەڵکی دەشت زۆر زاڵە بەسەر توانست و یارای زمانی کوردی بۆ شیعرنووسین. وەستایەتی لە میعمارییەتی ڕستەدا هەیە.**

**ع.ع. یووسف: ئەحمەدی مەلا زمانی ڕووداو بەکاردێنێ، بەڵام شیعرییەتی پێ دەبەخشێ. ئەمە دینامیکیەت و بزاوتێکی زۆری داوەتە شیعرەکانی.«١»**

«١» د. ئەحمەدی مەلا لە هاوینی ٢٠٠٢دا، بە سەردان، لە ئیسپانیاوە گەڕابۆوە وڵات؛ (ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی) لە هەولێر کۆڕێکی شیعرخوێندنەوەی بۆ سازکرد. لە کۆتایی کۆڕەکەدا، ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ کرا. ئەم قسانەیش لێرەدا تۆمارکراون، لەو کۆڕەوە وەرگیراون.

## پەیوەندیی نێوان فیکر و شیعر:

بە زەحمەتی دەزانم بتوانم هێڵێکی فیکری یا فەلسەفیی دیاریکراو لە شیعرەکانمدا دەستنیشان بکەم. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە فیکر بە مانا فراوانەکەی لە دوو توێی دەقدا شەوق ناداتەوە، بەڵام لە کوێی ئەم دەقە دایە؟ ئەم کێشەیە گەلێ گرنگە. وەک دەزانن فەلسەفە سیستەماتیزە کردنی زمانە، لەو دیدەنیگایەوە باس لە کێشەکانی مرۆڤ دەکات و دەیەوێ تێی بگات، بەڵام شیعر پێشوەخت ئەوەی درک کردووە کە تێگەیشتنی کێشەی شیعر نییە. ئەمەش خۆ ئەوە ناگەیەنێ کە شیعر هەمیشە بەرەو زمانێکی جاڵجاڵۆکەیی و ئاڵۆز زمان ڕاپێچ بکات و خۆی بە فەنتازییەکی بێ ناواخنەوە خەریک بکات. زمان هەمیشە فاقێکمان بۆ دەنێتەوە. دوو ئاڵۆزێتی بەرەو ڕوومان دەبێتەوە، ئاڵۆزییەک تیشک دەهاوێژێ و یەکێکی دی مردووە.

## قۆناغەکانی ئەزموونی شیعریم:

قۆناغی شیعر و شاعیر دوو هێڵن، هەندێ جار هاوتەریب و هەندە جار بەناو یەکتردا تێدەپەڕن؛ هەندێ جاریش یەک ئەوی تر دەبەزێنێ. قۆناغ بە واتای ئەزموون، ئەزموونیش کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، ڕەگ و ڕیشەکان لە دەرەوەی دەقدا ئەنجام دەدرێن و دەقیش کریستاڵەی دەکات. شاعیر ئەگەر توانی ببێتە خاوەن تەنیا یەک ئەزموون، واتە لە پرۆژەی شیعریدا سەرکەوتووە؛ بەڵام زۆر جار وشەی ئەزموون بە بێ ناوەڕۆک بەکار دێت و هیچ جەوهەرێکی نییە. ئەزموونی «زەردک» بە واتای شیعر و بە واتای گوندێک کە تیایا یەک دوو ساڵی منداڵیم تیا بردۆتە سەر، گەلێ گرنگە بە نیسبەت ژیانی خۆمەوە. دوو جەمسەر بوون دەیانویست بڕژێنە یەکترییەوە. «زەردک» وەک زمانێکی نوێی شیعری کە بە «لەدایکبوون» دەست پێدەکات و لە «شەهوەتی ڕەمز»دا کۆتایی دێت، هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی ئاو و هەوایەکی زمانەوانی کە تیا «زەردک» وەک گوند، وەک منداڵی، وەک ڕابردوو، بە مانا فراوانەکەیەوە، تیایا گەشە بکات و تا ئاستی شیعر بەرز بێتەوە. ئەم ئەزموونە بەردی بناغەی شیعرییەتە بە نیسبەت منەوە، هەر بۆیە ئیتر «زەردک» دوای ئەم قۆناغەش بەردەوام لەگەڵمدایە، گەمەم کردووە لەسەر ئەم موفرەدەیە. ئیتر لەمە بەدواوە، بۆتە فەزای بیرکردنەوەم.

## پەیوەندیی نێوان شیعر و زمان:

کاتێک دەستم دایە پرۆژەی «زەردک» بە شێوەیەکی هۆشیارانە هاتە دی و کارم لەسەر کرد. هەمیشە بیرم لە کێشەی زمان دەکردەوە، چونکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووم کە شیعر تەنیا زمانە و بەس؛ بەڵام چۆن ئەم زمانە دەشیعرێندرێ؟! واتە پرۆسەی شیعراندن چۆن دێتە دی و چۆنیش ئەو نوێیەی کە من گەرەکمە ئەنجام دەدرێ! بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو بوارە ئیشم کرد، هەندێ ئیشی تەشکیلیشم کرد کە هەمان هاجیسی تێدا بەدی دەکرا. ڕەنگەکان لە دونیایەکەوە دەهاتن، بەڵام هەوڵی تەجریدکردنیم دابوون لە گشت فیگەر و توخمێک کە بینەر ڕابکێشێ، واتە دەمویست فێڵ بکەم.

دەکرێ ئەو ئەزموونە زمانەوانییە بەوەش لێکبدرێتەوە کە لە کوردستان دوور کەوتبوومەوە، بەشێوەیەکی کوللی دابڕابووم، نە نامەم بەدەست دەگەیشت، نە تەلەفۆن هەبوو، لەبەر گەلێ هۆ، خۆم لە ڕابردوو دابڕاندبوو، بۆ ئەوەی بیدۆزمەوە. واتە، پەیوەندییەکی دیکەم لەگەڵ زمانی کوردیدا پەیدا کردبوو. جاران لامی قەڵەو و لامی لاواز یا ڕێی قەڵەو و ڕێی لاواز هیچ شتێکی ئەوتۆی پێ نەدەگەیاندم، بەڵام ئەو دابڕانە وای لێکردم لە چەند چمکێکی زمانەوانی، لە واتای فۆنەتێک ڕامێنم و لە وێنەیەکی شیعریدا ڕەنگ بداتەوە.

لەم دیدەنیگایەوە، دوو کردار ئەنجام دراون؛ یەکەم: پەیوەندییەکی هۆشیارانەی لەسەر زمان؛ کردارەکەی تری: چۆن ئەم کردارە هۆشیارییە ڕۆ دەچێتە چینەکانی تری ناخ و جارێکی دی لە ژێر تەوژمی ئینفیعالاتی شیعرییەوە سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە!

ئەو کاتی کە لە شاری ژنێف بووم، خۆم بە خوێندنەوە خەریک کرد، هەندێ لە بونیەوییەکان، شاعیرانی لوبنان و عێراق، شیعری کلاسیکی کوردی، شیعری فەرەنسی، بەتایبەت بۆدلێر و ڕامبۆ و سان جۆن پێرس، بەڵام ئەودەم بە عارەبی و بە فەرەنسی دەیانمخوێندنەوە، واتە ماوەیەکم پێویست بوو بۆ ئەوەی چێژ لە شیعری فەرەنسی – لە دەقە ئەسڵییەکانی وەرگرم. ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، خوێندنەوە و تێگەیشتن شتێکە، چێژ وەرگرتن شتێکی دییە. هەندێ جار دەقێکی تەرجەمە کراو هیچمان پێ نالێ، چونکە چێژ لە زمانی دووەم وەرنەگیراوە. ئەمەش چێژە. چێژ، وەکو ئیتالییەکان دەڵێن قابیل بە موناقەشە نییە. لە خەڵقی کرداری شیعردا، جۆرە هاوسەنگییەک دێتە دی، هەروەکو بە تەرازووی زێڕنگر کێشرابێت. من دەمەوێ گەمە بکەم نەک بە زمان، بەڵکو لەناو زماندا. گەمەش گەلێ ئاستی هەیە، هەر لە گەمەیەکی شیکلانی ڕووت تاکو گەمەی زیهنی کە خەیاڵ جڵەوی دەگرێتە دەست؛ بەڵام لە هەر دوورکەوتنەوەیەکیدا، تەنیا بەرەو ناو هەوای شیعری دەچێت. ئا ئەمە چۆن ڕوو دەدات؟ لە ڕاستیدا من نازانم. ئەمە کیمیای دەقی پێ دەڵێن، هیچ توخمێک وەکو هەندێ کۆرپەی زوو زاو، چاو هەڵناهێنن، بەڵکو هاوئاوازییەک لە نێوان توخمەکاندا هەیە، وەکو ئەوەی لەژێر سایەی ڕژێمێک و دەسەڵاتێکیدا دەبێت، کە لە سەرتاپای مێژووی شیعردا، بە شەیتانی شیعر و خودای شیعر و سروش ناوزەد کراوە.

## پەیوەندیی شیعر بە نائاگاییەوە:

شیعر نە کردەیەکە کە هوشیاری بەسەریا زاڵە، نە ناهوشیاریش جڵەوی شتەکان دەگرێتە دەست. ئەم تێکهەڵکێشانە وەکو ئەمبلێم کە لە بازنەیەک پێکهاتووە، نیوەی ڕەشە و نیوەکەی تریش سپییە. بەڵام لەناو ڕەشەکەش سپی هەیە و لەناو سپییەکەش ڕەشایی هەیە. ئەمە بزووتنەوە و دینامیکیەت دەداتە دەقی شیعر. ئەمە لە ئاست کردەکە، ئاستی نووسینەوەش لەسەر کاغەز، هەڵبەتە بۆ خوێنەری هاوچەرخ دەبێ خاوەن دەلالاتی خۆی بێت. وشە تەنیا دەنگ نییە، بەڵکو ڕەنگیشە لەسەر کاغەز. چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشە لەسەر کاغەز، نەک تەنیا جۆرە تەشکیلیەتێک دەداتە دەق، بەڵکو دەبێتە چاوگەی مۆسیقاش. مەبەست لەو سپێتانەی کە هەندێ جار لە دەنگەکە زیاتر دێنە زمان.

ئەمە بە نیسبەت ڕۆڵی هۆشیاری، ئەگەر لەسەر بیری سەپاو قسە بکەین. گەلێ شت دەکرێ باس بکرێت. ئێمە وەکو کورد لە وڵاتێک چاو دەکەینەوە، هەر یەکسەر بە کۆمەڵێ مەفاهیمی جیاواز ئاشنا دەبین، یا خۆ ئاشنا دەکەین. یا دەسەپێنرێتە سەرمان، یا بەسەر خۆمان دەسەپێنین. گشت چەمکەکان واتا فەرهەنگییەکانیان هەڵگرتووە. فەرهەنگ بە مانای کولتوور، نەک بە مانای قامووسی زمان. یەکێ لەو چەمکانە، ئازادییە کە بەرامبەرەکەی ملکەچی، ژێردەستەییە؛ یا یەکسانی و برایەتی و دۆستایەتی کە لەناو کولتووری کوردیدا زۆر بە زەقی دەردەکەون. ئەمەش ڕەنگبێ لەبەر ئەوەی ئەم دەسکەوتانە لە ئاستی نەتەوە، لە ئاستی تاکەکەسی، یا لە ئاستی کۆمەڵگا بەدەست نەهێنراون. هەروەها ئەم چمکانە لەلایەن کولتووری ڕژێم بەجۆرێکی دی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، هەروەها لەناو خەڵکیشدا بە جۆرێکی دی. واتە ئێمە لەناو سێ جۆرە کولتوور ژیاوین: کولتووری ڕژێم و کولتووری موعارەزەی سیاسی و کولتووری خەڵک. لە زۆر حاڵەتدا، ئینسانی کورد بە دەستی ئەم سێ کولتوورەوە دەناڵێنێ، یەکەمیان سەپێنراوە لەلایەن ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە پارەیەکی زۆری بۆ خەرج کراوە، دووەمیان هەڵگری پەیامی ئازادی و ئەویش پەیوەندی بە گەلێ هاوکێشەی ئاڵۆزەوە هەیە کە زۆر جار لەژێر ڕکێفی خۆشی دەردەچێ، کولتووری سێیەمیش تێکهەڵکێشە لەنێوان کولتووری کۆن، کە نەوە لەدوای نەوە بە جێماوە (شتی ئیجابی و سلبی تیایە) لەگەڵ هەردوو کولتوورەکەی تر.

لەبەر ئەوەی گشت ئەم چەمکانەی لەسەرەوە باسم کردن، لەناو هەوایەکی نەشازدا پەروەردە دەبن، سەرەنجامەکەی زۆر پۆزەتیف نییە. ئەم کولتوورانە کولتووری باو یا سەپاون، چونکە لە ناو هەوایەکی ئازادی نەهاتوونەتە دی. جا پێویستە ڕۆشنبیر یا شاعیر دەبێ خاوەن هەڵوێستی خۆی بێت، هەڵوێستی سیاسی و حیزبایەتی و ئایدیۆلۆژی نا، بەڵکو بەشێوەیەکی ئازادانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کولتوورانە بکات و لێی تێبگات و تەفاعولی لەگەڵ بکات و خۆی وەکو بەدیل پێشکەش نەکات. ڕۆشنبیر پێویست ناکات هەمیشە ئەوەمان بۆ دووبارە بکاتەوە کە ئەو حەقیقەتەی دۆزیوەتەوە. ئێمە پێویستمان بەوانە نییە، بەڵکو بە جۆرە تەفاعولێکی ڕاستەقینە هەیە، کە ڕۆشنبیر لە خەڵکیشەوە پێویستە زۆر شت فێر بێت. هەر لەبەر ئەم هۆیانە، شیعرەکانی من بە شیکلێکی ئۆتۆماتیکی ناچنە خانەی نیشتمانپەروەری و چینایەتی و شیعری بۆنەیی کە ڕەنگبێ لە لەحزەساتی تایبەتیدا، میللەتێکی دیاریکراو پێویستی بەم جۆرە شیعرانە هەبێت، بەڵام من پێویستم پێی نیە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە خۆم دوورەپەرێز لە کێشەکانی نیشتمان، یا چینایەتی یا موناسەبەتە تایبەتییەکانی کە میللەتەکەمان پیا تێپەڕ دەبن، دەگرم؛ بەڵکو ناتوانم یا ڕاستتر وایە پێم وایە کە ئەم کێشانە بە شیعر چارەسەر ناکرێن. ئەگەریش هات و شاعیرێکی تایبەتی ویستی بە شیعر لەم کێشانە بدوێ، ئەوە هەندەی لە نیشتمانپەروەرییەوە نزیک دەبێتەوە، هەندە لە شیعر و لە ئەبعادە جۆراوجۆرەکانی زمان دوور دەکەوێتەوە. بەمە موفارەقەیەکی شیعری، زمانەوانی دروست دەکات و بە باڵای مێژوومان‌دا بە خاوی شۆڕ دەبێتەوە کە لە کۆتاییشدا زیان لەم نیشتمانەمان دەدات. لێرە مەبەستی من ئەوەیە، کە شاعیر – هەر شاعیرێک – پێویستە لەسەری بە شێوەیەکی تایبەت بەخودی خۆی، بە ژێرخانی ڕۆشنبیری و خەزینەی ڕابردوو و خەیاڵ و پانتایی ئەو زمانەی کە لەسەری ئیش دەکات، سەرلەنوێ فەرهەنگی خۆی دامەزرێنێ و خۆی شتێکی هەبێ کە جوداواز بێت لەوەی منی شاعیر، لەوەی سیاسەتمەدار، لەوەی ڕۆژنامەنووس. گەڕان لەو تایبەتمەندییە گەلێ گرنگە و دەبێتە یەکێ لە بنەما هەرە گرنگەکانی شیعر. ئەم گەڕان و پشکنینە بەردەوامەشی مانای ئەوە نییە کە لە سوریالیستەکانەوە، یا لە فۆرمالیستەکانەوە، لە فلانە مەنهەجی ئیشکردنەوە نزیک بکەوێتەوە. پاشان نووسینی دەقی شیعری پێویستی بە میتۆدی دەرەکی نییە، بەڵکو دامەزرێنی تاقە مەنهەجەکە تەنها جێی خۆی تیا دەبێتەوە.

## ئەحمەدی مەلا و سوریالیستەکان:

من سوریالی نیم بەو مانایەی کە لە مەنیفێستی یەک و دووی سوریالیستەکاندا هاتووە کە برۆتۆن نووسیویەتییەوە، بەڵام ئێمە بە حوکمی مێژوو نەوەیەکین کە یەک دوو نەوە لەدوای ئەوانەوە هاتووین و خەزینەی فەلسەفی و تێڕوانینەکان لەمەڕ خەون و ناهوشیارییەوە، خەیاڵ و ڕەخنەیان لەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی بیری سەپاوی باودا بواری نەبوو کە خۆی زیندوو بکاتەوە، تەکان بە زمان بدات، جوغزی ئەخلاق فراوان بکات و شۆڕشێکی ڕاستەقینە هەڵگیرسێنێ بۆ ئەوەی تیایا وەکو لێپرساو ڕۆڵ ببینن نەک وەکو بینەر. ئێمە پێویستمان بە تیشکی ئەو شۆڕشگێڕانەیە نەک بەو مەشخەڵەی کە بە دەستیانەوەیە. ئا لەم ڕووەوە ئێمەی کورد، سەرەڕای خوسوسیەتی تایبەتی خۆمان، هەر لە دەسەڵاتی ئایینەوە بگرە بۆ دەسەڵاتی باوکسالاری، تا دەگاتە ڕۆڵی چەوساندنەوەی فەرد لەلایەن فەردەوە، ئەمە بە بێ ئەوەی تەماشای زەخیرەی دەسەڵات بکەین کە چەندین سەدەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی بە کۆمەڵێ پەیوەندییەوە گرێ داوە کە بێگومان تەنیا کۆتی خستۆتە سەر کۆت و مرۆڤی کوردی پێ بەستراوەتەوە. جا ئێمە خەتای کەس ناگرین و لە خۆمانەوە دەست پێ دەکەین، ئەگەر هات گشت ئەم خەسڵەت و خەسائیسانە بە نەزەر وەرگرین، ئێمەش پێویستمان بە جۆرە سوریالیستییەک هەیە، با ناوەکەی شتێکی دی بێت. لێرە، من بە هیچ جۆرێک حەز ناکەم ناوی سوریالیەت بلکێنینە کارە ئیبداعییە هەمە جۆرەکان، بەڵکو وەکو دەقی ئیبداعی تەماشایان بکەین و لە دووری و قوژبنە شاراوەکانی بدوێین. بە ڕای من هەموو کارێکی ئیبداعی گرنگ ناتوانێ خۆی لەدەست دەسەڵاتی ناهۆشیاری و خەون ڕزگار کات کە دوو توخمی گرنگن لە مەنیفێستی سوریالییەکاندا.

جیاوازیی من لێرەوە دەست پێدەکات کە تەماشای کاری ئیبداعی دەکەم، نەک تەماشای ئەوە دەکەم کە فلانە دەق، فلانە تابلۆ یا فلانە شانۆنامە سەر بە چ نەوعێکی ئەدەبی، یا سەر بە چ ڕێباز و تەزوویەکی فیکری دیاریکراوە. ئەم کارە ڕەنگبێ بەکەڵکی لێکۆڵینەوان زیاتر بێت وەک لە داهێنەری دەقێکی ئیبداعی.

کاتێ دەقێکی شیعری تووشی سوریالییەت دەبێت، وەکو ئەوە وایە کە تووشی کۆتی فیکر هاتبێت، با ئەم دوو چەمکە لە ڕێی ویستی شاعیرەوە بێت، چونکە ئەگەر هات و من ویستم لە ڕێگای شیعرەوە فیکر بڵێم، یەکسەر بەسەر پەیژەی دەسەڵاتێکی وەهمییەوە سەردەکەوم و شیعرەکانم بەدەر نابن لە تۆنێکی ڕاوێژکارانە، یا داواکاریی تایبەتی کە بانگاشەی خوێنەر بکات کە بگەڕێتەوە ڕێگای حەقیقەتەکان. چونکە بوار و فەزای شیعر تەسک دەکاتەوە و تووشی ڕۆمانسیەتێکی شۆڕشگێڕانەی دەکات، بەدەر لە ویستی شاعیر. تووشی زمانێکی خیتابی دەکات، با شاعیر بە تەمای ئەوەش بووبێت کە خۆی لەو جۆرە زمانە دوورخاتەوە. تووشی مەنهەجی دەکات، واتە شاعیر وا هەست دەکات تاقە ڕێگا و ڕێبازی لەمەڕ نوێخوازییەوە دۆزیوەتەوە. لە کۆتایی شاعیر تووشی وەهمێکی نەزۆک دەکات. کاری ئافراندن بە خاڵبەند نایەتە کایەوە. جۆرە چرپەیەکە لە ناواخنی بەردەوە دێت، با گوێ بۆ بێدەنگیی بەردێک شل کەین.

## لە کام شاعیرانت وەرگرتووە؟

دەق وەکو ئاو وایە: تۆی منداڵ بەتەنیشت جۆگەلەیەکدا تێدەپەڕی، لات وایە ڕووبارە، هەندێ جاریش دەریاچەیەکت لێ دەبێتە دەریا و زۆر جاریش تەنیا شەپۆلی ئۆقیانووس دەبینی. مەبەستم لە بەکارهێنانی ئەم زمانە میتافۆریە ئەوەیە کە کاتێک لە کوردستان بووم، دەستم کردبووە خوێندنەوەی شیعر، زۆر بە چاکی دەتوانم کارکردنەکان دەستنیشان بکەم. سەرەتا حەزم لە پەندەکانی پیرەمێرد بوو، چونکە دەمویست وەکو حەکیمێ تەماشای دونیا بکەم. پاشان کامەران موکریم دەخوێندەوە، حەزم دەکرد دونیا تەڕ و پاراو بێت. کاتێ گۆرانم دەخوێندەوە، حەزم دەکرد خۆماڵی بم، زمانی لەتیف هەڵمەت ئاشنایەتییەکی سەیری تیا دروست دەکردم، شێرکۆ بێکەس پرسیاری لەلا دروست دەکردم، پەشێو کوردەوارییانە شۆڕشگێڕ بوو، سەعدی یوسف جوغزی ئەدەبی کوردی پێ دەشکاندم، محەممەد ماغووت فێری یاخیبوونی دەکردم (ساڵانی ٨٠-٧٤). کاتێ لە ژنێڤ گیرسامەوە (٨٨-٨١) ئەدۆنیس فێری کردم باس لە شۆڕش و زمان بکەم، نالی هێزی شیعری لە لا دروست کردم، بۆدلێر دونیایەکە لەگەڵما فراوان دەبێت و ڕامبۆ ئاگرێکە ژێر پێم دەسووتێنێ، سان جۆن پرس ئاسمانێکە لەگەڵ دەریاکان تێکەڵ دەبێت، ئۆکتاڤیۆ پاز وام لێدەکات بەردێکم خۆش بوێ. هەر یەکێ لەم شاعیرانە بەشدارن لە دونیای شیعری من، ئەمە وەکو شیعر، بەڵام ڕۆڵی سینەما، شانۆ، مۆسیقا، بەتایبەت هونەری تەشکیلی هەمیشە ڕۆدەچنە نێو لۆچەکانی دەقەوە.

## دامەزراندنی گۆڤاری (وێران):

دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، هەستمان کرد کە ئیتر کورد دەتوانێ لەسەر خاکی خۆی ئازادانە کار بکات، ئەمەش لە هەموو بوارەکاندا. هەروەها بیری گۆڤارێکی ئەدەبی، لە مێژ بوو کەوتبووە خولیامان: لەگەڵ د. فەرهاد پیرباڵ لە پاریس زۆر جار باسمان لێوەی دەکرد. ئەوە بوو گەیشتینە بڕیارێک و بەشێکی زۆری مەنیفێستەکەش هەر خۆم نووسیم، بەڵام بە هیچ جۆرێک شکڵی گۆڤارەکەم لە مێشک و خەیاڵدا نەبوو. لەڕاستیدا کارکردن لە دوورەوە زۆر زەحمەتە. برادەران لە هەولێر و من لە فەرەنسا! ئەمە وای لێکردم کە ئەم لێپرساوییە لە خۆم دوور بخەمەوە؛ چونکە هەستم دەکرد کە بەشدارییەکی فیعلیم نییە، بە حوکمی واقیع؛ بەڵام پرۆژەکە کارێکی خراپ نییە، ئێستەش دەکرێ تەکانی پێ بدرێت و ڕۆڵی خۆی ببینێ. ئەم پرۆژەیە لەسەر پێیە. بێگومان گرنگە، ڕەنگبێ نەگاتە تموحی ئێمە، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نیە کە گۆڤارێک دەربێت گەلێ نوخبەوی بێت. من دژ بە نوخبەم، لە هەمان کاتیشدا حەز دەکەم کاری بچووکی وا گەشە

بۆ ل٧

وێـران

پاشەبەرە

وێران نوێنامەیەکی دەمدەمییە، ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر بڵاوی دەکاتەوە. ژمارە (٦)، مارسی ٢٠٠٣

## چاو + پێ + کەوتن

### لەگەڵ حەسەن یاسین سەرنووسەری پێشووی «ڕۆژنامەنووس»، ئەندامی دەستەی نووسەرانی (هەواڵ) لە سلێمانی

ئەم گفتوگۆیە، گەمەیەکی سوریالیستانەیە، نووسەر لە ڕۆژی ٢٠٠١/١١/٦ ناوەڕۆکی پرسیارەکانی نەدیوە، تەنیا ئامرازی پرسیارەکانی دیوە.

١) تۆ بۆچی هەولێرت جێ هێشت و چوویتە سلێمانی؟ **وەڵام: بۆئەوەی جارێکی دیکەش چاوم بە «تەیراوە» بکەشێتەوە.**
٢) ئامانجی ڕۆژنامەنووسان چییە؟ **و: هیچ.**
٣) ئاخۆ کەی ڕێگەی هەولێر و سلێمانی بەیەکجاری دەکرێتەوە؟ **و: ئەو کاتەی لە «هەولێر» دوورم بخەنەوە.**
٤) هۆیەکانی ژنهێنان چین؟ **و: کەرێتی.**
٥) لەکەیەکەوە هەستت بەوە کرد کە تۆ دەبیتە ڕۆژنامەنووس؟ **و: کە ویستم شارەکەم بدۆزمەوە.**
٦) لەپێناو چی ئەمریکا لە ئەفغانستان دەدات؟ **و: لەپێناو شیعر.**
٧) ڕەنگی ڕەش لای تۆ چی دەگەیەنێ؟ **و: حەماقەت.**
٨) پەیوەندیی کەسێکی حزبی بە حزبەکەیەوە چییە؟ **و: پەیوەندی نێوان کەر و جۆ.**
٩) ئافرەتی کورد بۆ ئازادبوونی خۆی چی بکا باشە؟ **و: بیخولێنێتەوە.**
١٠) داهاتووی شیعری کوردی بەرەو کوێ دەڕوات؟ **و:... دورگەی واق واق.**

## نووسەرانی ئەمڕۆی ئێران: پێناسەکردنی نوێخوازی...

**منوچهر اتشی:** نوێخوازی واتە ژیانو کارکردنو بیرکردنەوە لەم سەردەمەدا. مرۆڤی نوێخواز دەبێ کوڕی ئەو ڕۆژگارە بێت.

**حسین محمودی:** مرۆڤی نوێخواز هەنووکەییە، زیرەکو بە هۆشە، خاوەن هەستێکی ناسکە، بە دەرک کردنێکی بەهێز دەزانێ و دەتوانێ باڵاتر لە هاوچەرخی خۆی درێژە بە ژیانی بدات. ئەم جۆرە مرۆڤە لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت ئەوا نوێخوازە: لەبەر ئەوەی بیر دەکاتەوەو ورد دەبێتەوەو وێران دەکاتو لە جێگایدا شتێکی *نوێ* بونیاد دەنێ.

**صفدر تقی زاده:** هەموو هونەرمەندێکی ڕەسەن لە کاتی خۆیدا ویستوویەتی پابەندی نوێخوازی بێتو خوازیاری وەدەستهێنانی ژیانێک بووە لە ئیعتبارە تازەکاندا. ڕەنگە بتوانین بڵێین هونەرمەندی *نوێخواز* کەسێکە کە پابەندە بەوەی شتێکی نەناسراو لە ژیاندا بەشێوەیەکی تازە بدۆزێتەوە و بەجیهانی بناسێنێ.

نوێخوازیی هونەرمەند، واتە ئاگایی بوون لەم واقیعیەتەی کە لە ژیانی ئەمڕۆدا چۆنایەتیەکی تازەیەی هێناوەتە ئاراوە، بۆیە پێویستە بۆ خۆی ڕێگاو شێوەیەکی تازە بدۆزێتەوە. نووسەری نوێخواز واتە وەڵامدانەوەی نیازە تازەکان، واتە پەسەندکردنی ئەو خاڵە کە هەر چەند گەنجینەی فەرهەنگی هونەرو ئەدەبیاتی ڕابردوو باشو بەرزو فراوانە، بەڵام هەموو ئەوانە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆماندا ناگونجێنو نابێتیش ئەوانە بە کامڵ دابنرێنو بە دووبارە کردنەوەشیان دڵخۆش بین. هونەرمەندی نوێخواز دەزانێ کە پێویستە بۆ ژیانێکی تازە بە دووای واتایەکی تازەدا بگەڕێینو قاڵبە کۆنەکانیش حەزو ئارەزووی مرۆڤی ئەمڕۆ بەجێ ناهێنن، لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریو دیاردە تازانەدا ناگونجێن.

**عبدالعلی دستغیب:** نوێخوازیی هونەرمەند بە واتای ژیانو بیرکردنەوە دێت لە ئێستادا، لە ناوجەرگەی ئەو ڕووداوانەیە کە ئێستا ڕوودەدەن.

سەرچاوە:
گۆڤاری *دنیای سخن*، ژمارە(٢٥)، تەهران: ساڵی (١٣٦٧هـ ش).

## شیعرێکی نێژراو لەژێر بەفر

شعری: ڕێبوار قارەمانی

...




## بورجەکان

تەنیا بۆ نووسەر و
هونەرمەند و
ڕۆشنبیر و
ڕۆژنامەنووسەکانە:
ئەوانەی لەژێر
بورجەکان و
هەندێکی
کەمیشیان لەسەر
بورجەکاندا
دەژین.





کاوڕ: ئەم ماوەیە ئاگاداری خۆت بە: زۆرتر بە گوێی بەڕێوەبەری نووسینی ئەو گۆڤارە بکە کە کاری تێدا دەکەیت؛ ئەگینا «بەڕێوەبەری نووسین» فەصڵت دەکا و نانبڕت دەکا. ئیدی کەیفی خۆشتە!


گا: ئەمیان گا، ئەویان گا... تۆش بۆ خۆت بچۆ بورجی «حووت» بخوێنەوە!


جووتە: لەم ماوەیەدا بە ئیفاد دەتنێرن بۆ وڵاتێک، بەرپرسەکان شەڕ لەسەر ئەوە دەکەن کە کێ سەرۆک وەفد بێت! تۆ ئەگەر عاقڵ بیت و بزانیت چۆن زیرەکانە هەڵسوکەوت بکەیت، لەکۆتاییدا تۆ هەڵدەبژێرن ببیت بە سەرۆک وەفدەکە! ئەو کاتە لێدە: دەتوانی داپیریشت لەگەڵ خۆت ببەیت.


قرژاڵ: چیتر بیر لە چوونە ئەورووپا مەکەوە: هەوڵ بدە ئەورووپایەک هیچ نەبێ لە ماڵی خۆتدا دروست بکە!


شێر: تۆ، ئەی ئەو کەسەی سەرت بریتییە لە میتاڵێکی بێزاری و بێ ئومێدی؛ سەری خۆت بتوێنەوە و بیکە بە زێڕێکی دەربڕین و یاخیبوون.


پاکیزە: ڕەگوڕیشەی خۆت بە هەرچی شتێکی لە ئێستادا هەتە و لە ڕابردوودا هەتبوو، دابڕ بکە! سەرلەنوێ خۆت دروست بکەوە! چونکە ئێستا تا ئێسقان بۆگەن بوویتە و ناکرێ هەر ئاوها بژیت!


تەرازوو: ئەو پارە و یارمەتی و ئیمتیازانەی پێیانداوی، بۆتە مایەی سووکی و چرووکیت! بچیت بە عارەقەی نێوچەوانی خۆت ئیشێک بکەیت و بژیت؛ باشترە لەو دەستندەخۆرییەی ئێستات!


دووپشک: بەوە نابیت بە هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس کە بچیت ناوی خۆت لە سەندیکای هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان بنووسیت و ببیتە ئەندامیان؛ خۆت ماندوو مەکە!


کەوان: لەم هەفتەیەدا بیر و ڕات لەبارەی زۆر شت دەگۆڕێ؛ تەنانەت لەوانەیە واز لەو حزبەش بێنیت کە کاری تێدا دەکەیت و بچیت لە حزبێکی دیکە کار بکەیت: مەسڵەحەت چۆنی خواست ئاوها بکە!


گیسک: لەم ماوەیەدا خەون بە گیسکێکەوە دەبینیت. کە گیسکەکەت بینی، بەدوای بکەوە: دەتگەیەنێ بە بزنێک، بەدوای بزنەکەش بکەوە دەتگەیەنێ بە مامزێکی جوان، بەدوای مامزەکەش بکەوە دەتگەیەنێ بە فیلێک، بەدوای فیلەکەشدا برۆ دەتگەیەنێ بە ماسییەک لەناو ئاودا.. ئیتر لای ئەو ماسییە، لەناو ئاوەکەدا لەناکاو تێدەگەی: دنیا هەموو فشەیە!


سەتڵ: بەو پاداشتە کەمە هەمیشە ڕازی بە کە بەرامبەر بەرنامە ڕۆشنبیرییەکە و نووسینەکانت لە بڵاوکراوەکاندا دەتدەنێ، ئەوەندە لەملا و لەولا گازاندەیان لێ مەکە: خۆت نانبڕاو مەکە، هەزار کەری وەکو تۆی موحتاج دەستیان ماچ دەکا ئەو کارەی تۆی بدەنێ؛ هەی... بێ عەقڵ!


حووت: هەموو شتێک لە بەرژەوەندیی تۆدا دەبێ؛ تەحەممول بکە و جارێ واز لە «سەندیکا» مەهێنە: چونکە دایانناوە بەم زووانە ناوت بخەنە ناو لیستی ئەوانەی عەردیان دەدەنێ! بەردەوام ئیلتیزام بە ئەوامری سەندیکاکەت بکە و بچۆرە هەموو کۆڕەکانیشیان، ئەگینا عەردەکەت نادەنێ!